# ساڵیادی ئەنفال و
# ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال

ئا : ئاکۆ محەمەد شوانی



"ئەوەندە بەسەر تەنەکەی ئاومان هێنا خەریکە قژ بەسەرمانەوە نەمێنێت، ژیان چۆن وا دەبێت بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە خەریکە روحمان دەردەچێت، من چەندین کچ دەناسم لەبەر قژ رووتانەوەکەیان کە دەچن بۆ خوێندن سەرپۆش دەکەنە سەریان، هەندێك لەوانە ترسی شوکردنیشیان هەیە، ئەوەتا تەماشا کەن دەبێت بچین بۆ حەوزێکی دور لە ماڵەکانەوە تاوەکو یەك تەنەکە ئاو دێنین دەبێت بیست و پێنچ دەقیقە بەپێ بڕۆین، ئەوەندەش هاوارمانکرد و داوامان لەحکومەت کرد کەچی کەس ئامادە نەبوو گوێمان لێبگرێت. ئەوەتا لە سلێمانی و هەولێر ئەو هەموو شتە جوانانە دروست دەکرێت

ئێمەش لەناو قوڕو لیتەی زستان و تەپوو تۆزی هاویندا وشکبووینەوەو کەس نیە گوێمان لێبگرێت، حکومەتی عێراق یەکجار ئەنفالی کردین بەڵام ئێستا هەموو ڕۆژێکمان ئەنفالە" ئەمە بەشێك بوو لەو هەموو ئازارەی کە حبیبە محەمەدی تەمەن ٤٩ ساڵی خاوەن ٨ کەسی ئەنفال بە قوڕگی پڕگریان و چاوی پڕ ئەسرینەوە بۆمان دواو ئازارەکانی ژیان جەستەی وشك کردبووەوەو جگە لەجلە رەشەکەی خۆیشی رەش هەڵگەڕابوو، ناحیەی شۆڕش کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی چەمچەماڵ و لەساڵی ١٩٨٨دا وەکو ئۆردووگایەکی زۆرە ملێ بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دروست کراوەو کرا بەزیندانیەکی گەورە بۆ ژنانی بەجێماوی ئەنفال، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەو ئۆردووگایە هەرچەندە کراوە بەناحیە بەڵام هەر بە وێرانەیی ماوەتەوەو تاوەکو ئێستا لە زۆربەی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان بێبەشن. سەرۆکی شارەوانی شۆڕیش ئاماژە بەوە دەکات ئێستا ئەوان سەرقاڵی ئەوەن لەڕێگەی چەند بیرێکی ئیتیوازیەوە کێشەی کەم ئاوی لە ناحیەکەدا چارەسەر بکەن "ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین لەڕێگەی چەند بیرێکی ئیتیوازیەوە کێشەی کەم ئاوی ناحیەکە چارەسەر بکەین، بیرەکان تەواو بوون، ئێستا حەوزی بیرەکەش تەواو بووە، دوای ماوەیەکی کەم ئەو کێشەیە تا ئاستێکی باش چارەسەر دەبێت" بەڵام بەهۆی زۆری بەڵێندان و جێ بەجێ نەکردنی خەڵکی ناحیەکە متمانەیان بەحکومەت کەمبوەتەوە. ئاریان فازڵ گەنجێکی کەسوکار ئەنفالکراوە و ئاماژە بەوە دەکات حکومەت وەکو پێویست هاوکاری نەرکردوون‌و لەئاست داخوازیەکانی ئەواندا نین" ناتوانین بڵێین حکومەت هیچی نەکردوە،بەڵام لە ئاست وێرانەیی ناحیەکەو پێداویستیەکانمان هیچی وامان بۆ نەکراوە،هەموو ساڵێك بەڵێنی زۆرمان پێدەدەن و هیچی واشی جێبەجێ ناکەن،هەربۆیە چونکە ئەمساڵ حکومەت یادی ئەنفال دەکاتەوە،ئێمە یادەکە ناکەینەوەو بەشداری لەو یادە ناکەین"کێشەکان ئەوەندە زۆرن لەوناحیە وێرانەیەدا مەگەر هەر دانیشتوانی ناحیەکە خۆیان بتوانن گوزارشت لە ئازارەکانی خۆیان بکەن.

"ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە ئێمە بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنین. ئەوە ماوەی سێ ساڵە بۆری ئاومان بۆ راکێشراوە کەچی تاوەکو ئێستا ئاوی پێدا نەهاتووە، سەدام دوای ئەنفالکردنی پیاوەکانمان ئێمەی هاوردە ناحیەی شۆڕش تاوەکو لە بە خەفەتەوە بمان کوژێت، ئێستاش ئەم حکومەتەی خۆمان هەمو ڕۆژێك بە خەفەتەوە

ئەمان کوژێت" ئەمە قسەی ئەو ژنە رەشپۆشە تەمەن ٥٧ ساڵەیەی کە هاوسەرەکەی و دوو کوڕی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون و ئێستا خۆیی و سێ کچی لە گەرەکی قەرەهەنجیریەکانی ناحیەی شۆڕش دەژین، ئامینە حەمەفەرەج سەبارەت بەژیانی خۆیان و ئەو ئازارەی کە ئەوان لەدوای راپەرینەوە تووشی هاتوون, ئاماژە بەوە دەکات "لەسەرەتاوە کە ئێمە هاتینە ناحیەی شۆڕش وەکو رۆژی حەشر وابوو،کەس نەیدەزانی چارەنووسمان بەچی دەگات، تا دوای راپەرینی ١٩٩١ بە کولەمەرگیەکی زۆر ژیانمان دەبردە سەر. بەڵام لەدوای راپەرینیشەوە کێشەکان زۆر تر بوون. ئەوەتا تاوەکو ئێستاش ئێمە بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنین و ئازارەکانمان تا دێت زیاد دەکات، ئەبێت زیاتر لە یەك کیلۆ مەتر ببڕین تاوەکو تەنەکەیەکی ئاوی بیست لیتریمان دەست دەکەوێت. ئەوەندە بەسەر ئاومان هێناوە بەشێکمان قژمان روتاوەتەوە،کەسیش نایات بەهانامانەوەو لەم کولە مەرگیە رزگارمان بکات، ئاخر ژیان چۆن وادەبێت" هەروەکو مریەم محەمەدە بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی چەمچەماڵ ئاماژەی بۆ دەکات ژنانی ناحیەکە بەشمەینەت ترین ژنی کوردستانن" کاتی خۆی کارگەیەکی خشت دروستکرا بۆ کارکردنی ژنان بەڵام ئێستا ئەو کارگەیەش داخراوە، بەراستی ژنانی ناحیەی شۆڕش لە زۆربەی خۆشیەکانی ژیان بێبەشن و دەبێت تەنها بەدوای ئازارەکانی ژیان و ئاو راکێشانەوەبن،بۆیە ئێستا کێشەی کەم ئاوی یەکێکە لەو کێشانەی ژنانی ئەنفال بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەشدا قوتابخانەیەکمان بۆ نەهێشتی نەخوێندەواری بۆ ژنانی ئەنفالکردوەتەوەو بەشێك لەوانە لێی سود مەند بون"

*زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوم وێنەی یەکێك لەو قژ رووتانەوەیە بگرم،بەڵام بواری ئینسانی کەسەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگربوو لەبەردەم کارەکەم؟.